سەرەک کۆمار بە بۆنەی جەژنی ڕۆژووەوە پیرۆزبایی لە ئێزیدییەکانی عێراق و جیهان دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە عەبدوللا تیف جەمال ڕەشید سەرەک کۆماری عێراق بە بۆنەی هاتنی جەژنی ڕۆژووەوە پیرۆزبایی لە ئێزیدییەکانی عێراق و سەرتاسەری جیهان کرد و جەختی لە ڕێگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی پێکهاتەی ئێزیدی و گرنگی بەدیهێنانی دادپەروەری بە قوربانییەکانی کردەوە.

سەرەک کۆمار لە پۆستێکیدا لەسەر پلاتفۆرمی ئێکس کەموتەڕع بەدواداچوونی بە کردووە

ڕایگەیاند،گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی گەلی ئێزیدیمان لە عێراق و لە سەرانسەری جیهان دەکەین بە بۆنەی جەژنی ڕۆژو و هیوای جەژنێکی پڕ لە هیوا و ئارامیتان بە دەخوازین، کە بەها ڕەحییەکانی ئەم ڕۆژە پڕ لە بەرەکەت بەرجەستە بکات.

وتیشی ئەم بۆنە بەبەهایە ڕێگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی و کەلتووری لە کەمەڵەی ئێزیدیدا هەیە و پێگەی دانەبڕاوی لە فرەیی وەاتەکەماندا دووپات دەکاتەوە،بەوەبیرهێنانەوەی ئەو کارەسات و نەهامەتییەی کە بەرگەیان گرتووە و خەڵاگرییان لە بەرامبەر تیرەردا، بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانەوە چەسپاوە.

سەرلەنوێ ئەمە دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستیی دابینکردنی دادپەروەری بە قوربانییەکان و لێپرسینەوە لە تاوانباران و کارکردن بە ئاشکراکردنی چارەنووسی ڕەنراو و بەسەروشوێنکان.